# دوای پێنج ساڵ وەستان
# ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) بە خوێنەرانی ئاشنا دەبێتەوە

پاش ئەوەی لە ڕۆژی 1998/1/26 دوا ژمارەی ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) لەشاری سلێمانی دەرچوو، ئیتر دوای ئەم ژمارەیە لەبەر چەندین هۆکاری سیاسیو هۆکاری تایبەت وەستا، ڕۆژی 2003/8/8 سەرلەنوێ (ئەمڕۆ) بەهەمان ڕێبازی خۆی کە ڕێبازێکی دیموکراتیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی گرتۆتەبەر ژمارە (28) ی کەوتەوە بەرچاوی خوێنەران، شایانی باسە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی 15/ 8/ 1994 لەشاری هەولێر بلاْوکرایەوە بەمەش بووە یەکەم ڕۆژنامەی ئەهلی ئازاد لەدوای ڕاپەڕینەوە. ستافی نوێی (ئەمڕۆ) ئەم بەڕێزانەن.

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری گشتی: فریاد هیرانی.

سەرنوسەر: فەرهاد مەلا حەسەن

خوێنەرانی ئازیز ئاگادار دەکەین کەبەم زووانە دەتوانن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (ئەمڕۆ) بخوێننەوەو ئێستا ماڵپەڕەکەی لەژێر کارکردنو دروستکردندایە.

ستافی ئەمڕۆ